**وەزارەتی شارەوانی**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی**
**ژمارە:**
**ڕێکەوت :٢٠٠٧/٩/٢٤**

## بەیان

لەبەر کۆتایی هاتنی ماوەی یاسایی ئەو ئاگاداریەی کە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرابووەوە لە ژمارە ٤٣٠٣ لە ٢٠٠٧/٦/٢٥ ولەبەرنەبوونی هیچ سکاڵایەك یان ڕەخنەیەك لەهیچ لایەنێك لەماوەی یاسایی کە (٣٠) سی ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئاگاداری سەرەوە بەپێ ی مادە(٦) شەشەم لەیاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە (٦) ساڵی ١٩٩٣ ی هەموارکراو وە بەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە مادەی (٧) حەوتەم لەیاسای سەرەوە بڕیارماندا بە:

**١.کردنەوەی شارەوانی (زەلان) بۆناحیەی (زەلان) کەسەربە پارێزگای سلێمانی یەو بە پلەی چوارەم.**
**٢. ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێ بەجێ دەکرێت.**

**نازەنین محمد وسو**
**وەزیری شارەوانی**

---

**وەزارەتی شارەوانی**
**بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی**
**ژمـــارە : ١٢٧٢٦**
**ڕێکەوتی : ٢٠٠٧/٩/٣٠**

## بەیان

لەبەربەرژەوەندی گشتی و زیاد بوونی ڕێژەی دانیشتوانی شارۆچکەی سەروچاوە بۆ (٩٢٢٧) کەس وەبەپێ ی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە بە گوێرەی ماددەی (١٠) دە لەیاسای بەڕێوەبردنی شارەوانیەکان ژمارە/٦ ساڵی ١٩٩٣ هەموارکراو بڕیارماندا بە:

**١- گۆرینی پلەی شارەوانی سەروچاوە لە پلەی (٤) چوار بۆ پلەی (٣) سێ .**
**٢- ئەم بەیانە لە ڕۆژی بڵاوبونەوەی لە ڕۆژنامەی ڕەسمیدا جێ بەجێ دەکرێت.**

ئـــــەرشیفی ڕۆژنامەی وەقایعی کـــــوردستان

**نازەنین محمد وسو**
**وەزیری شارەوانی**

www.mojkurdistan.com